گۆڕان
GORRAN

ژوری تویژینەوەکان
سیاسی، ئابوری و ستراتیجیەکان

# تەمەنی نەوتی جیهانی عەرەبی لەکۆتایی نزیکە

وەرگێرانی بە دەستکارییەوە
ئەنوەر کەریم

ئابی ٢٠٢٠

# تەمەنی نەوتی جیهانی عەرەبی لەکۆتایی نزیکە

ڕاپۆرتی شیکاری ڕۆژنامەی زە ئیکۆنۆمستی بەریتانی

وەرگێرانی بەدەستکارییەوە: ئەنوەر کەریم

پێداچونەوە: گەیلان عەباس

ژوری توێژینەوەکانی بزوتنەوەی گۆڕان_گۆشەی ئابوری

**Email: research.gorran@gmail.com**

ئابی ٢٠٢٠

پێڕست

**پێشەکی وەرگێڕ**........................................................ ٣

**هەمو ناوچەکە هەست بەئازار دەکات**........................................................ ٥

**ئەو وڵاتانەی کەنەوتی لێ نییە**........................................................ ١٠

**ڕێگای چوونە دەرەوە نیە** ........................................................ ١١

**سەرچاوە**........................................................ ١٢

## پێشەکی وەرگێڕ

پرسی کۆتایی تەمەنی نەوت لەوڵاتانی کەنداو، بەجۆرێک لەجۆرەکان بۆ هەرێمی کوردستانیش راستە، ئەم لێکنزیکی و لێکچونەی نێوان وڵاتانی کەنداو و هەرێمی کوردستان، لەنمونەی ئابوری کرێخۆردا، پاڵنەربو بۆ ئەوەی ئێمە ئەم بابەتەی ڕۆژنامەی زە ئیکۆنۆمیستی بەریتانی، وەربگێڕینە بۆ زمانی کوردی.

وەک ئاشکرایە هەرێمی کوردستان هاوشێوەی زۆرێک لە وڵاتانی کەنداو، نزیکەی ٨٥%ی داهاتە گشتییەکەی لەنەوتەوە دەست دەکەوێت، ئەم داهاتەش لەهەرێم هاوشێوەی وڵاتانی کەنداو، لەلایەن خێزانە سیاسییەکانەوە بەکاردەهێندرێت بۆ بەرژەوەندی بەرتەسکی سیاسی و حزبی و بنەماڵەیی، لەدرێژەی راپۆرتەکەدا باسکراوە کەچۆن دەوڵەتانی کەنداو لەرێگەی داهاتی نەوتەوە، توانیویانە وەلائی هاوڵاتیانی ناوخۆ بەدەستبهێنن، تابگات بە سەپاندنی هەژمونی سیاسی خۆیان بەسەر دەوڵەتانی ناوچەکەدا.

لەهەرێمی کوردستانیش ئەو داهاتە زۆرەی کە لەنەوتەوە دەست دەکەوێت، بەبەردەوام لەلایەن دو حزبی حکومڕان (پارتی و یەکێتی)، هاوشێوەی سیاسەتی وڵاتانی کەنداو، ئەو داهاتەیان بەکارهێناوە بۆ مانەوەی خۆیان و لێدان و لاوازکردنی هێزە نەیارەکانیان.

لەهەرێمدا پارەی نەوت کاریگەری گەورەی هەبوە لەسەر بەردەوامیدان بەمانەوەی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی، ئەم دو هێزە توانیویانە بەهۆی داهاتی نەوتەوە، لۆبی گەورە لە ئەمریکاو بەریتانیاو وڵاتانی دیکە دروستبکەن. ئەوەش تەنها بۆ بەرگریکردن لەبەرژەوەندی بنەماڵەکانیان. ئەم دو هێزە تەنانەت توانیویانە هێزە ئیقلیمیەکانیش بەلای خۆیاندا ڕابکێشن و پەیوەندی توندو تۆڵ دروستبکەن لە گەڵیاندا. تا ئەوەی بونەتە خاوەنی میلیشیای گەورەی چەکدارو دامەزراندنی لەشکرێکی گەورە لەکەسانی بێکارو بێبەرهەم لە کەرتی گشتیدا، بۆ ئەوەی وەلائیان بکڕن و لەکاتی هەڵبژاردندا دەنگیان پێبدەن. ئەمەش مانگانەو ساڵانە بوەتە بارێکی قورسی لەسەر بودجەی کوردستان.

لەلایەکی دیکەوە دامەزراندنی میدیای گەورە، هەر لە تەلەفیزۆن و سایت و پەیجی سۆشیال میدیا و ڕۆژنامە، تا دامەزراندنی هەزاران کەس، لەم سێکتەرانەدا، کاری ئەم لەشکەرە لە میدیادا رۆژانە تەنها بریتییە لەشێواندنی ڕاستی و دژایەتی کردنی نەیارەکانیان

و دروستکردنی تۆمەتی سیاسی و ئەخلاقی بۆ هەرکەس کە لەگەڵ خۆیاندا نەبێت. بەتایبەت کەسانی نێو هێزەو سیاسییەکانی دەرەوەی ئەو دوو حیزبە لەلایەک و دژ بە یەکتریش لە لایەکی ترەوە .

ئەم دو هێزە لەبری بەکارهێنانی ئەم داهاتە بۆ بوژاندنەوەی کوردستان و ئەنجامدانی وەبەرهێنان، بەهێزکردنی کەرتی تەندروستی گشتی و پەروەردە داهاتی کوردستان بەم جۆرە بەهەدەردەدەن. ئەمەش بەزیان گەڕاوەتەوە بۆ هەرێمی کوردستان، بەردەوام هەرێمی کوردستان لە دۆخی قەیرانی ئابوری و دارایی قوڵدا دەهێڵێتەوە. بۆیە ئەگەر ڕێفۆرم نەکرێت لەسێکتەری ئابوری و کەرتی نەوتی کوردستاندا، ئەوا هاوشێوەی وڵاتانی کەنداو، لەداهاتودا لەگەڵ نزیکبونەوەی کۆتایی تەمەنی نەوت هەمان ئەو گۆرانکاریی و قەیرانە ئابوری و داراییانەی کە وردە وەردە ڕوو لەدەوڵەتانی کەنداو دەکات، روبەروی کوردستانیش دەبێتەوە، بۆیە ئەگەر ئەمادەکاری و ریفۆرم نەکرێت، ئەوا دەبێت هەرێمی کوردستان، لەداهاتودا زیاتر چاوەڕوانی کارەسات و ئازارەکانی کۆتایی تەمەنی نەوت بێت نەک گۆڕانکارییەکانی.

## هەمو ناوچەکە هەست بەئازار دەکات

ولاتانی عەرەبی بودجەکانیان زیاتر نابێت بەهۆی داهاتی نەوتەوە. جەزائیر بۆ پڕکردنەوەی بودجەکەی پێویستی بەنرخی بەرمیلێک نەوتە بە ١٥٧ دۆلار. عوممان پێوێستی بەوەیە نرخی نەوت بگاتە ٨٧ دۆلار. تەنها قەتەر دەتوانێت بالانسی بودجەکەی بکات لەم نرخەی ئێستادا کە زیاتر لە٤٠ دۆلاری ئەمریکیە.

هەندێکیان هەنگاوی یەکلاکەرەوە دەنێن لەئێستادا. لەمانگی ئایاردا حکومەتی جەزائیر ڕایگەیاند بودجەی بەکاربردن و خەرجکردن کەمدەکەینەوە بۆ نیوە، سەرۆک وەزیرانی تازەی عێراق کە یەکێکە لە ولاتە گەورەکانی بەرهەمهێنەری نەوت، دەیەوێت بەتەور لە موچەی فەرمانبەران بدات. عومان بەزەحمەت دەتوانێت قەرزبکات، لە بەر ئەوەی ئاژانسەکانی پلە بەندی نێودەوڵەتی ئابوری عومانیان بەولاتێک داناوە کە بەکەڵکی وەبەرهێنان نایەت. کورتهێنانی بودجەی کوەیت لە ٤٠% تێکڕایی گەشەی ناوخۆی پێکدەهێنیت.

کۆڤید-١٩ نرخی نەوتی دابەزاند بۆ نزمترین ئاست، جموجۆڵ و هاتوچۆی خەڵکی ڕاگرت، ئەوەش لەپێناو بڵاونەبونەوەی ڤایرۆسەکە. بەڵام بەم دواییانە کە بازرگانی دەستی پێکردەوە، نرخی نەوتیش بەرزبویەوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا خواست لە سەر نەوت چەند ساڵێک دور دەبێت، بەڵام ئەوەی گرنگە ئابوری جیهان بەرەو ئەوە دەڕوات کە لە نەوتی ژێر زەوی دوور بکەوێتەوە، خستنەڕوی زیاترو زیاد بوونی پێشبڕکی بۆ سەرچاوەی وزەی پاک، وا دەکات نەوت بەهەرزانی بمێنێتەوە، بۆ بۆ داهاتوویەکی پێشبینیکراو.

ئەم بێ سەرەوبەری و ئاژەوەیەی لە بازاڕی نەوتدا هەیە، بەواتای ئەوە نییە کە ئەمە شتێکی ڕاستنیە یاخود هەڵەیە، بەڵکو ئەمە ئاماژەیەکە، وەک بریسکەیەک دیارە کەلە داهاتودا ئەم سێکتەرە بە هەرزانی دەمێنێتەوە. چونکە جیهان چۆتە زەمەنێکەوە کە نرخی نەوت بەهەرزانی دەهێڵێتەوە. لەم نێوانەشدا هیچ ناوچەیەک ئەوەندەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و باکوری ئەفریقا کاری تێناکرێت.

سەرکردەکانی عەرەب، ئەوەیان دەزانی کەنرخی بەرزی نەوت، ناتوانێت بەردەوام بێت بۆ ماوەیەکی زۆر. بەم هۆکارەش محمد بن سەلمانی شانشینی سعودییە، پلان و دیدگای

ئابوری وڵاتەکەی تا ٢٠٣٠ دارِشتوە. ئەمەش بۆ ئەوەی ئابورییەکەی لە شیری نەوت ببرِێتەوە.

هەندێک لە وڵاتانی دراوسێی سعودییە، ڤیرژنی خۆیان هەیە بۆ ئابوریەکەیان. بەڵام ٢٠٣٠ بوو بە ساڵی ٢٠٢٠ یەکێک لە راوێژکارەکانی محمد بن سەلمان، گوتی: "لەرۆژهەڵاتی ناوەراست و باکوری ئەفریقا زۆرترین داهات لەمادە رەشەکە بەرهەمدەهێنرێت، داهاتەکە لە ١ تریلیۆن دۆلارەوە، لە ساڵی ٢٠١٢دا دابەزیوە بۆ ٥٧٥ ملیار دۆلار".

لەساڵی ٢٠١٩ سندوقی دراوی نێودەوڵەتی راپگەیاند: "ئەمساڵ وڵاتانی عەرەبی چاوەرێدەکرێت داهاتی نەوتیان ٣٠٠ ملیار دۆلار بێت، ئەمەش خەرجیەکانیان داناپۆشیت. چونکە لەمانگی ئازارەوە خەرجیەکانیان کەمکردۆتەوە، باجیان داناوەو قەرزیانکردوە. هەندێکیان پارەی یەدەگی خەزنکراویان بەکاردەهێنن بۆ ئەوەی بتوانن چاکسازی بکەن. ئەم ئازارانە تەنانەت لەلای وڵاتانی دراوسێی بەرهەمهێنەرانی نەوتیش دەبینرێت. چونکە هەندێک لەهاوڵاتیانی ئەو وڵاتانە لەسێکتەری نەوتدا کاریان دەکرد، ئەو پارەییەی دەیاننادرەوە بۆ وڵاتەکانیان لە سەرو١٠% تێکرِای گەشەی ناوخۆی هەندێک لەو وڵاتانەیە. تەنانەت بازرگانی و گەشتوگوزار وەبەرهێنان کاریگەری کردۆتە سەر هەندێ لە وڵاتە دەوڵەمەندەکانیش، تا رادەیەک ئەگەر بەراود بکرێت بە هەندی ناوچەی دیکە.

رۆژهەڵاتی ناوەراست، بەرێژە، یەکێکە لەو وڵاتانەی کە زۆرترین گەنجی بێکاری تیایە لە جیهاندا. نەوتیش ئابورییەکی بەرخۆری دروست کرد، رژێمی پارە کۆنە کەرەوەی دروستکردو بانگهێشتی کەسانی ناحەزو بێگانەی کرد بۆ دەستخستنە ناو کاروباری ئەو وڵاتانەوە.

کەواتە بۆ ئەوەی کۆتایی ئەم زەمەنە نەبێت بەکارەسات. دەبێت دەستبەجێ رێفۆرم بکرێت و ئابوریەکی چالاک لەو وڵاتانەدا دروستبکرێت و ئیتر حکومەتی بەرپرسیار، بۆ نوێنەرایەتی راستەقینەی خەڵک دروستبکرێت.

هەرچەندە رێگاکان قورس و زەحمەتی تیایە. ئەگەر دەستپێبکەن لەگەڵ دەوڵەتە دەوڵەمەندەکاندا، ئەتوانن لەگەڵ نرخی نەوتی نزمدا خۆیان بگونجێنن. وەک قەتەرو

ئیماراتی عەرەبی، کە سندوقی داهاتە نیشتمانیەکەیان زۆر گەورەن. سعودییەی عەرەبی گەورەترین ئابوری ناوچەکەیە، یەدەگی پارەی بیانی ٤٤٤ ملیار دۆلارە، ئەمە بەشی ئەوە دەکات کە بۆ ٢ ساڵ بەردەوامبێت، لە خەرجکردن بەم ڕێژەیەی ئێستا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە هۆی کۆڤید -١٩ و دابەزینی نرخی نەوتەوە، هەمویان زیانی گەورەیان بەرکەوتوە.

لەمانگی شوباتەوە سندوقی دراوی نێودەوڵەتی پێش بڵاوبونەوەی کۆرۆنا رایگەیاند: "یەدەگی شەش دەوڵەتەکەی کەنداوی عەرەبی ٢ تریلیۆن دۆلاری ئەمریکی بوە، بەڵام ئەم ڕێژەیە لەساڵی ٢٠٣٤ کەم دەکات و تەواو لاواز دەبێت".

هەر لەوکاتەوە سعودیە ٤٥ ملیار دۆلاری ئەمریکی لە یەدەگی پارەکەی خەرجکردوە. ئەگەر بەردەوام بێت لەم خەرجکردنە لە ٦ مانگی داهاتودا گوشار دەکەوێتە سەر ڕیاڵی سعودی بەرامبەر بە دۆلاری ئەمریکی. هاوکات دابەزینی دراوی وڵاتانیش، کاریگەری گەورەی دەبێت لەسەر داهاتی تاک، لە کاتێکدا وڵاتەکە هەمـوو شتێک هاوردە دەکات.

**چارت: دەوڵەتانی هەناردەی نەوت بۆ هەر بەرمیلێک نەوتیان پێویستیان بەچەند دۆلارە بۆ باڵانسکردنی بودجەی ساڵانەیان**




The Economist

بۆ ئەوەی باڵانسی خەرجیەکان ڕێکبخرێت، سعودییە بەخشینەکانی فەرمانبەرانی کەرتی گشتی ڕاگرتوە. کەبەناوی یارمەتی تێچوەکان بۆ ژیان بوو. نرخی بەنزینی بەرزکردۆتەوە. باجی فرۆشتنی بۆ ٣ هێندە زیادکردوە. بەمەشەوە کورتهێنانی بودجەکەی لەمساڵدا ١١٠ ملیار دۆلار تێدەپەڕێنێت. واتە ١٦% لە GDP وڵات. دوای ئەمەش لەوانەیە باجی زیاتری بۆسەر بیزنیسەکان و داهاتی تاک و هەروەها باجی زەویش بەدوادا بێت. بەڵام بەرزکردنەوەی باجی زیاتر، بازرگانی لاوازدەکات، هەرچەندە بە هۆی خۆپاراستن بە هۆی کۆرۆناوە، کەرتی بازرگانی بێهێزبوە. بەنمونە شاری مەکەی پیرۆز ساڵی ڕابردوو ٢.٦ ملیۆن زیارەتکاری بیانی سەردانیان کردوە، بەڵام ئەمساڵ تەنها ١٠٠٠ زیارەتکاری هەبوە .

بانکی گۆڵدمان ساکس ئەمریکی لەم بارەیەوە دەڵێت:"سعودییە چەقیوە، لەوەی کە تەنها پشتی بەستوە بەداهاتی نەوت و دەبێت بێتە دەرەوە لەو چەقینە، بۆ ئەوەی بتوانێت بژی و بەردەوام بێت".

هەرچەندە پرۆسەی دەرهێنانی نەوت لە وڵاتانی کەنداو کەمترین نرخ دەکەوێتە لەسەریان. بەم هۆیەش ئەوان دەتوانن لەبەشە پشکی خۆیان بەردەوامبن لە بازاڕی نەوتی جیهاندا، ئەگەر نرخی نەوت نزمیش بێت. ئێستا ئەو بیانیانەی کە لەکەنداودا کاریان دەکردو ئەو وڵاتانە بەجێدەهێڵین، وای کردوە کە وڵاتانی عەرەبی خەڵکانی خۆیان کارەکانی بیانیەکان وەردەگرن. لەم نێوانەدا بەردەوامی خراپی بارودۆخەکە وادەکات هەندێک لە حکومەتەکان قایل بین بە دەستکردن بەئەنجامدانی ڕیفۆرم. ئاژانسەکانی پلە بەندی نێودەوڵەتی (Credit rating agency's)، دەستخۆشیان لە سعودییە کرد بە هۆی بەرزکردنەوەی باجەوە، وڵاتەکە هەنگاو دەنێت بەرەو، ئەوەی لە ئابوری موڵکانەوە ببێت بە ئابوریەکی بەرهەمهێنەر. لەلایەکی دیکەوە سەرۆکەکانی عەرەب، باسی شەپۆلێکی بەتایبەتیکردنی سێکتەرەکانی ئابوری دەکەن. هەرچەندە سعودییە لەم دوایەدا ڕایگەیاند: "گەورەترین پلانی بێ خوێکردن (Desalination) لە (رەئس ئەل خەیر)دەفرۆشیت". بەڵام لەوە ناچێت وەبەرهێنەران، زۆر ئارەزوی وەبەرهێنان بکەن و بیانەوێت پارەکانیان خەرجبکەن. هەرچەندە خەڵک توڕەیە و بۆڵە بۆڵ دەکات لە سعودییە، لەسەر زیادکردنی

باجەکان، چونکە ئەمە کاریگەری زۆری هەیە لەسەر ژیانی هەژارەکان. ئەوان داوا دەکەن پێویستە باج زیاتر لەسەر دەوڵەمەندەکان زیاد بکرێت.

لە عێراقیش خەڵک تورەیە لە بەرپرسەکان، بەوەی کەموچەی خەڵکیان کەمکردۆتەوە، بەمەش تورەی خەڵک چۆتە پاڵ پشتیوانانانی خۆپیشاندەرانی پێشو، بۆ ئەوەی بەتەواوی سیاسیەکانی عێراق هەڵگێڕنەوە.

لە جەزائیر کە داهاتی تاک لە ساڵی ٢٠١٢ دا کە ٥٦٠٠ دۆلار بوە، ئێستا دابەزیوە بۆ خوار ٤٠٠٠ دۆلار. خۆپیشاندەران بەرەو شەقامەکان دەگەڕێنەوە، سەرۆک لەم دۆخەدا چیتر ناتوانێت وەلائی خەڵک بکرێت.

## ئەو وڵاتانەی کەنەوتی لێ نییە

لەو شوێنانەی کە نەوت بەرهەم ناهێنرێت، خۆپێشاندانەکان دەستیان پێکردۆتەوە. لە لوبنان هەرچەندە بەهۆی کۆرۆناوە خۆپیشاندان وەستا بو[١]، دژی گەندەڵی و ڕوخانی ئابوری لوبنان بو. بەڵام ئێستا ئەو وڵاتە لەقەیرانێکی قوڵدایە، پێشبینی دەکرێت ئابوری لوبنان پاشەکشە بکات، بەڕێژەی ١٣%، هاوشێوەی سەردەمی هاتنە دەرەوەی لوبنان، لە شەڕی ناوخۆ. ئابوری لوبنان زیاتر لەسەر کەرتی خزمەتگوزاری و کەرتی دارایی وەستابو. بەڵام قەیرانی کەنداو کاریگەری گەورەی کردۆتە سەر لوبنان و بەرزنەبونەوەی نرخی نەوت بۆ ماوەیەکی درێژخایەن ئازاری لوبنانیەکان زیاتر دەکات.

پارە ڕەوانەکردنەوەی کرێکارانی بیانی لەوڵاتانی کەنداو، وەک دەمارێکی ژیان وایە بۆ وڵاتەکانیان، زیاتر لە ٢.٥ ملیۆن کەس کەنزیکە لە ٣% ژمارەی دانیشتوانی میسرە لەکەنداو کاردەکەن. لەو وڵاتانەی کە نەوتێکی زۆر هەناردەدەکەن. ژمارەکان گەورەترن بۆ لوبنانیەکان و ئوردنیەکان کە لە ٥%. هەروەها لە ٩% فەلەستینیەکانیش، ئەو پارەیەی کەکرێکارەکان، دەینێرنەوە بۆ وڵاتەکەی خۆیان بەشێکی دیاری کراوی ئابوری وڵاتەکەیان،

١ . ڕۆژی ٤ی ئابی ٢٠٢٠ تەقینەوەیەکی گەورە لەبەندەری بەیروتی پایتەختی لوبنان رویدا، چوار ڕۆژ دواتر، خۆپیشاندان و نارەزایەتی جەماوەری دژی بەرپرسانی لوبنان لەتەواوی لوبناندا دەستیپێکرد. دوای دو ڕۆژ لەبەردەوامی نارەزایەتییەکان و دروستبونی توندوتیژی لەنێوان خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکان، سەرۆک وەزیرانی لوبنان و چەند وەزیرێک دەستیانلەکارکێشاوە.

پێکدەهێنن. لەکاتێکدا داهاتی نەوت کەمدەکات، هەروەها پارەی نێردراویش کەمدەکات بۆ ئەو وڵاتانە، بەمەش هەلیکار بۆ بیانی کەمدەکات و پاکێجی یارمەتی بۆ هاوڵاتیانی خۆیان دەدەن کەکار دەدۆزنەوە. لێرەدا وڵاتە بەرهەمهێنەرەکانی نەوت گەورەترین بازاڕن بۆیان، لەساڵی ٢٠١٨دا لە ٢١% هەناردەی وڵاتانی کەنداو لە میسرەوە بوە، لە ٢٣%ی هەناردەیان لە ئوردنەوە بوە، لە ٣٨% لە لوبنانەوە بوە.

## ڕێگای چوونە دەرەوە نیە

ئەگەر لە گەنجەکانی عەرەب بپرسیت حەز دەکەن لە کوێ بژین، هەمویان دەیانەوێت کۆچ بکەن بۆ دوبەی، دوبەی تەنها چارەسەرە. ژنێک گوتی: "ئێمە لێرە گیرمانخواردوە، هیچ پلانێکمان نیە بۆ چاکردن، گەنجەکان هەمویان هەمان دڵە راوکێیان هەیە. ئەم بێهیوایە بەردەوام دەبێت".

کۆتایی تەمەنی نەوت بۆ وڵاتانی عەرەبی گۆڕانکاری لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، بەڵام، لەپێشدا ئازار دەهێنێت. ئەوەی جێی سەرنجە لەسەرەتادا دەوڵەتی میسرو سوریا، دەوڵەتە بەهێزەکانی جیهانی عەرەبی بون، کەبە ناوی ناسیۆنالیزمی نەتەوەییەوە بەرامبەر بەئیسرائیل ڕاوەستابون. بەڵام دوای ئەوەی ئەم دو هێزە پاشەکشەیانکرد. سعودییە و ئیمارات، بە هۆی داهاتی نەوتەوە، لەناو کەنداوی عەرەبیدا بون بە هێزی یەکەم، ئەمان توانیان سیاسەتەکانیان بسەپێین بەسەر دەوڵەتانی دیکەی عەرەبیدا.

هەروەک چۆن سعودییەو کوەیت و ئیمارات، زیاتر لە ٣٠ ملیار دۆلار یارمەتی (سیسی) یاندا. دوای ئەوەی ئیخوانی ئیسلامی لەدەسەڵاتی میسر، دورخستەوەو سەرکوتیکردن لەساڵی ٢٠١٣ دا. دواتر پارەی سعودییە وەستا بۆ میسر، لەبەرئەوەی سیسی هێزی نەنارد بۆ شەڕی سعودییە دژی حوسیەکان لەناو یەمەندا.

سعودییە و ئیمارات بەهۆی پارەی نەوتەوە یارمەتی (سعد حەریری) سەرۆک وەزیرانی لوبنانیان دەدا، تا بتوانێت حیزبوڵای لوبنانی لاوازبکات. لەو کاتەی کە زانیان سەعد حەریری، زۆر لێبوردەیە بەرامبەر حیزبوڵاو ناتوانێت لاوازیان بکات، ئەوە بوو

یارمەتیەکانیان بۆ لوبنان بڕی، ئێستاش دەبینین کە لوبنان لەچ قەیرانێکی قوڵی دارایی و ئابوریدایە.

## سەرچاوە

**The end of the Arab world’s oil age is nigh, at the site:**
https://www.economist.com/middle-east-and-africa/2020/07/18/the-end-of-the-arab-worlds-oil-age-is-nigh